

چاوەڕێی باهۆزی قژزەردەکە بن..

# "بە شەق لە مێسیمان دەدا بۆ ئەوەی ئابرۆمان نەبات"

**رووداوی وەرزشی - CNBC**

ڕۆژنامەنووسێکی وەرزشیی ئیسپانی، لە وتارێکیدا بەناونیشانی «چاوەڕێی باهۆزی مێسییە قژزەردەکە بن»، هۆشداری دەداتە جیهان، کە ئەمساڵ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی زۆر شتی نوێ و چاوەڕواننەکراوی پێیە. یاریزانێکی پێشووی بارسێلۆناش باس لە سەرەتای پەیوەندیکردنی مێسی بە تیپی یەکەمی بارسێلۆناوە دەکات و دەڵێت «مێسی لە مەشقەکاندا ئابرۆی هەموومانی بردبوو».

ئێنریکی مارکێز، لە وتارەکەیدا باس لەوە دەکات کە مێسییەکەی ئێستای پێباشترە لە مێسی جاران و دەڵێت «مێسیم بەشێوازە تازەکەی زیاتر لە جاران بەدڵە، بێجگە لە گۆڵکردن پاس دەدات و یارمەتی دەدات و رووبەر دروست دەکات». هەروەها دەشڵێت «مێسی هێشتا شتی زۆری پێماوە بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات».


لودۆفیک جۆلی، یاریزانی فەرەنسی، کە لە ماوەی نێوان 2004 تاوەکو 2008 یاری بۆ یانەی بارسێلۆنا کردووە، لە هەڤپەیڤینێکدا باس لەو رۆژانە دەکات کە مێسی بۆ یەکەمجار پەیوەندی بە تیپی یەکەمی بارساوە کردووەو دەڵێت «مێسی هێشتا تەمەنی تەنیا 16 ساڵ بوو، شتێکی دەکرد هەموومانی سەرسام کردبوو». هەروەها دەشڵێت «مێسی لە یەکەم مەشقدا هەموومانی وێران کرد، کارێکی پێکردین ئابرۆی بردین، هەموو بە ئێمە پێدەکەنین، لەبیرمە بە شەق لێمان دەدا بۆ ئەوەی ئابرۆمان نەبات».

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (416) سێشەممە 2016/9/20 29ی گەلاوێژ - 2716 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای



## NO DICTATOR

زیزۆ کۆتایی بە سەردەمی خۆسەپاندن و تاکڕەوی لە ریال مەدرید دەنێت..


"زینەدین زیدان پۆرتی پیرێز و ڕۆناڵدۆ دەشکێنێت"

هەموو شتێک لەبارەی باڵۆن دۆری نوێ



3

لەنێو ماڵی شەیتانەکان هەرایە



4

مارادۆنا بۆ سڤیلیا و پێلی بۆ یوڤانتۆس یاریدەکەنەوە



6

کۆڤان حەسەن:

## زێڕی ئۆڵیمپیم بردەوە بەرپرسێکی کورد تەلەفۆنێکی نەکرد

2



**ئامادەن**

عەبدولخالق حەسەنی سەرۆکی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند یانەکەیان بۆ رکابەرییەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی تۆپی پێی کوردستان ئامادەیەو گوتی «دوای ئەوەی ستافی تازەی ڕاهێنەرانی تیپەکەمان دەست بەکاربوو، ئامادەکارییەکانمان دەستپێکردووە بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی کوردستان، ژمارەیەک یاریزانی بەتوانامان هێناوەتە ریزی یانەکەمان لەگەڵ یاریزانێکی پیشەگەر، بەم یاریزانانە ڕۆژانە خەریکی ئامادەکارییەکانین و بەنیازی ئەوەشین کەمپێکی مەشق و ڕاهێنان لە تورکیا ڕێکبخەین، بۆ ئەوەی ئامادەکارییەکانمان باشتر بن».

کۆڤان حەسەن، براوەی میدالیای زێڕ لە پارائۆڵیمپی ریۆ 2016 بۆ (ڕووداوی وەرزشی):

# دەگەڕێمەوە کوردستان و دەچمە سەنگەرەکانی پێشمەرگە



**سامان وڵاتزێری**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

کۆڤان حەسەن عەبدولڕەحیم، ئەو کوڕە کوردەی لە دووری زیاتر لە 11 هەزار کیلۆمەتر لە دووری نیشتیمان، لە پارائۆڵیمپی ریۆ دی جانیرۆی 2016، سەرنجی هەموو جیهانی بەلای خۆیدا راکێشا، ریکۆردی جیهانی لە هەڵدانی رمدا شکاند و میدالیای زێڕی لە مل کرد. لە بەرازیلەوە قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەکات و وێڕایی دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی و دووپاتکردنەوەی بەڵێنەکەی، کە پێشکەشکردنی میدالیا زێڕەکەیە بە پێشمەرگە، هەندێک گلەییشی هەیە.

کۆڤان لە بەرازیلەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت جیاوازی کەش و هەوای بەرازیل لەگەڵ کوردستان و عێراق کاریگەری زۆری کردبووە سەر تواناکانی ئەو و بەهێزی رکابەرەکانیشی ئەرکی ئەویان زەحمەتتر کردبوو، بەڵام دوای 6 هەوڵدان بە هەڵدانی رمەکەی بۆ 42 مەتر و 85 سانتیمەتر ریکۆردێکی جیهانیی بەناوی خۆیەوە تۆمارکردو بە میدالیای زێڕەوە خۆی لەسەر سەکۆی نازناوەکان بینییەوە. کوڕە کوردەکەی هەڵبژاردەی عێراق بۆ (ڕووداوی وەرزشی) باسی ئەو ساتانە دەکات کە خۆی بۆ دەستپێکردنی رکابەرییەکان ئامادەدەکرد و دەڵێت «پێش ئەوەی یارییەکە دەستپێبکەم لە خوا پاڕامەوە توانام پێببەخشێت و لە چاوی پیس بم پارێزێت، دوای ئەوە رکابەرییەکەم دەستپێکردو توانیم میدالیاییەکە ببەمەوە».

**«لیژنەی بەڕێوەبردنی پارائۆڵیمپی نەیهێشت ناوی پێشمەرگە بەرز بکەمەوە»**

**«یەک بەرپرسی کورد تەلەفۆنێکیشی بۆ نەکردووم»**

**«بۆ میدالیای برۆنز چووبوومە بەرازیل بە زێڕەوە گەڕامەوە»**

خاوەنی میدالیای زێڕی پارائۆڵیمپی، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو بۆ بردنەوەی میدالیای برۆنز چووبووە بەرازیل، بەڵام بە میدالیای زێڕەوە سبەی چوارشەممە دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و گوتی «ئەوەی لە پاڵەوانیەتییەکەدا پێشکەشمکرد لە چاوەڕوانی مندا نەبوو».

کۆڤان حەسەن، لە بردنەوەی ئەو دەستکەوتە دیرۆکییەدا رۆڵی (تۆڕی میدیای ڕووداو)ی لەبیرنەکردووەو سوپاسگوزاری رۆڵەکەیەتی و گوتی «زۆر سوپاسی تۆڕی میدیایی ڕووداو دەکەم بۆ ئەو گرنگییەی لە ماوەی بەڕێوەچوونی پاڵەوانیەتییەکە و پێش پاڵەوانیەتییەکەش بەمنی دا».

کۆڤان رۆڵی وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق عەبدولحسێن عەبتان بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت ئەو هاتووەتە لام و بە کوردی پێی گوتم «کاکە چۆنی»؟. هەروەها پاڵپشتی زۆری کردم بۆ ئەوەی بەئاستێکی بەرزەوە لە پاڵەوانیەتییەکەدا دەربکەوم.

**«وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق بەڵێنی پارچە زەوییەک و 10 ملیۆن دیناری پێداوم»**

لەبارەی دەنگوی وەرگرتنی پارچە زەوییەک و 10 ملیۆن دینار لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە، لە بەرامبەر ئەو دەستکەوتەی بەناوی هەڵبژاردەی عێراقەوە بەدەستیهێناوە، کۆڤان بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «وەزیری وەرزش و لاوان ئەو بەڵێنەی پێداوم، بەڵام لە راستیدا تاوەکو پێم نەدرێت بڕوا ناکەم، چونکە لە پارائۆڵیمپی لەندەنیش لە ساڵی 2012 هەمان بەڵێنیان پێدام، بەڵام نەیانبردە سەر».

**«بەر لەوەی رمەکە هەڵدەم لە خوا پاڕامەوە لە چاوی پیس بمپارێزێت»**

کۆڤان حەسەن، گلەیی لە بەرپرسانی کورد دەکات و دەڵێت تاوەکو ئێستا کەس بۆ پیرۆزبایکردنێکیش پەیوەندی پێوەنەکردووم، لە کاتێکدا من یەکەم کورد و عێراقیم ئەو دەستکەوتە گەورەیە لە مێژووی پارائۆڵیمپیدا ببەمەوە.

کۆڤان لەنێو شەڕی بەرگریکردن لە خاکەوە چووبووە شەڕی بردنەوەی میدالیای زێڕ و دەیویست لە دووری هەزاران کیلۆمەتر ناوی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە کاتێک میدالیایەکە بردەوە (پێشتریش ئەو بەڵێنەی بە ڕووداوی وەرزشی دابوو)، بۆ ئەو مەبەستەش درێسێکی بەناوی پێشمەرگە ئامادە کردبوو، بەڵام وەک خۆی گوتی لیژنەی گشتی بەڕێوەبردنی پاڵەوانیەتییەکە ڕێگەیان نەداوە خەونی کۆڤان بێتەدی «تەنیا ئاڵای کوردستانم بەرزکردەوە».

سەرەڕای ئەوەی لیژنەی گشتی بەڕێوەبردنی پارائۆڵیمپی نەیهێشتووە ناوی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە، ئەو سوورە لەسەر دانەوەی قەرزی پێشمەرگە، کە پێیوایە هەموو کورد قەرزاری پێشمەرگەیەو لەو بارەوە گوتی «کە گەڕامەوە کوردستان لەگەڵ لیژنەی ئۆڵیمپی کوردستان و عێراق دادەنیشم، دوای ئەوەش سەردانی یەکێک لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکەم بۆ ئەوەی میدالیا زێڕەکەی خۆم پێشکەشیان بکەم».

بارودۆخەکانی بەرەو باشتر دەچن..

# پێشمەرگەی سلێمانی نایەوێ رەنج بەخەسار بێ

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - سلێمانی**

ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئامانجیان ئەوەیە بگەنەوە خولی نایابی کوردستان و گوتی «لەبەرئەوەی بارودۆخی تیپەکەمان لە رووی یاریگە و یاریزانان و پێداویستییەوە باشترە لە هەندێک یانەی دیکە، چاومان لەوەیە بگەینەوە خولی نایابی کوردستان».

پێشمەرگەی سلێمانی ماوەی دوو ساڵە شەڕی گەڕانەوە دەکات بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام خەونەکەی لە کۆتاییدا ناهێتەدی، ئەمساڵیش بۆ سێیەم ساڵ لەسەریەک هەوڵی گەڕانەوە دەدات بۆ خولە گەورەکە، کە ڕاهێنەر و دەستەی کارگێڕی یانەکە تا رادەیەک گەشبینن و نایانەوێ رەنج بە خەسار بن.



ئەرسەلان جەلال، ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئامانجی سەرەکیمان لەم وەرزەدا گەڕانەوەیە بۆ خولی نایابی کوردستان، لەبەرئەوەی بارودۆخی تیپەکەمان لە رووی یاریگەو یاریزانان و پێداویستییەوە باشترە لە هەندێک یانەی دیکە، گەشبینین و ئەو دەرفەتەمان بۆ رەخساوە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە خولی نایاب».

لەبارەی تۆکمەکردنی ریزەکانی پێکهاتەکەشیان، ئەرسەلان گوتی «قسەمان لەگەڵ چەندین یاریزان کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانییەوە بکەن، نامەوێ ئێستا ناوی کەسیان ئاشکرا بکەم لەبەر پێنەدانی مۆڵەتی گواستنەوە، بۆیە کارەکانمان بەنهێنی کردووە». هەروەها ڕاهێنەری ناوبراو گوتیشی «ئەو یاریزانانە هەندێکیان لە ناو سلێمانین و هەندێکیان لە دەرەوەی شارەکە، هەندێکیشیان لە شاری هەولێر و دهۆکن، بەڵام ئەوان دەیانەوێ گرفتی پێدانی مۆڵەتەکەیان تەواو بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکەن».

لەبارەی هێنانی یاریزانانی عەرەب و پیشەگەریش، ئەرسەلان گوتی «بەهیچ جۆرێک یاریزانی عەرەب و بیانی ناهێنینە ریزی یانەکەمان».

# چارەنووسی 2 یاریزانە یاخیبووەکەی زاخۆ دیار نییە

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشیی - زاخۆ**

سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئەوان چاوەڕوانی ڕاهێنەری تیپەکەیانن بۆ بڕیاردان لەبارەی چارەنووسی ئەو دوو یاریزانەی بەهۆی وەرنەگرتنی پارەی گرێبەستەکانیان نەچوونەتە کەمپی مەشقی یانەکە لە ئەرمینیا.

ڕۆژێک بەر لە گەشتی یانەی زاخۆ بۆ ئەرمینیا بەمەبەستی ئەنجامدانی کەمپێکی مەشقی، هەردوو یاریزان، دیار یاخی و هونەر ئەحمەد بڕیاریاندا بەشداری ئەو کەمپە مەشقییە نەکەن بەهۆی ئەوەی یانەی زاخۆ پارەی گرێبەستی پێنەداون. ئەوان تاوەکو ئێستا بڕیاریان نەداوە دەگەڕێنەوە یانەکە یان نا؟.

لەو بارەوە هونەر ئەحمەد، یاریزانی یانەی زاخۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە داوای مافی خۆمان کردووە ئەوانیش بە ئێمەیان نەداوە، بۆیە بەشداری ئەو کەمپە مەشقییەمان نەکرد، هێشتا بڕیاری کۆتاییمان نەداوە، بەڵام زەحمەتیشە بگەڕێینەوە، دەمەوێ لە خولی نایابی کوردستان یاری بۆ یانەیەک بکەم، کە ئێستا ناوەکەی ئاشکرا ناکەم». سەبارەت بە خولی عێراقیش، هونەر گوتی «بۆ خولی عێراق چەندین یانە داواکاریان پێشکەش کردووم، بەڵام ناتوانم یاری بۆ هیچ یانەیەک بکەم، چونکە زەحمەتە زاخۆ مۆڵەتی گواستنەوەم پێبدات». هەروەها گوتیشی «40 ملیۆن دینارم لای زاخۆ ماوە، پێمگوتوون 10 ملیۆنم پێبدەن 30 ملیۆنەکەی دیکە بۆ خۆتان، بەڵام قبوڵیان نەکرد».


دیار یاخی، کە دووەم یاریزانی یاخیبووی زاخۆ بوو، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «تاوەکو ئێستا بڕیاری کۆتایم نەداوە لەسەر یانەی زاخۆ، چونکە گفتوگۆ لەگەڵ یانەی زاخۆ دەکەین بزانین چی بەچی دەکەین، ئەوکات قسەی خۆمان دەکەین».



خەلیل ئەحمەد، سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ، لەبارەی گرفتی ئەو دوو یاریزانە، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە چارەنووسی ئەو دوو یاریزانە بەدەست ڕاهێنەرەو گوتی «چاوەڕێی ئەوە دەکەین ڕاهێنەری تیپەکەمان بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو دوو یاریزانە بدات، ئەگەر پێویستی پێیان بێت ئێمە سزای رەوای ئەو یاخیبوونەیان دەدەین و دەیانگەڕێنینەوە، ئەگەر پێویستیشی پێنەبن ئەوکاتە قسەیەکی دیکەمان دەبێت».

KOREK Telecom






ئینتەرنێتی EXTRA G به ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە


ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
| --- | --- | --- | --- |
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 416 )
سێشەممە 2016/9/20



**سێیەمە**

تیر شتیگنی گۆڵپارێزی ئەڵمانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بە گەڕاندنەوەی پەناڵتییەک لە یەکەم گەڕی قۆناخی گرووپەکانی چامپیۆنسلیگدا، بەرامبەر یانەی سێلتیکی سکۆتلاندی، بووە سێیەم گۆڵپارێز کە زۆرترین پەناڵتی لە مێژووی ئەو پاڵەوانیەتییەدا بگەڕێنێتەوە. شتیگن تاوەکو ئێستا 3 لێدانی سزای لە چامپیۆنسلیگدا گەڕاندووەتەوە، هاوشێوەی جیانلویجی بۆفۆن، ئیکەر کاسیاس، جۆ هارت و ئەندرێ بیاتۆف. کە تاوەکو ئێستا هانس یۆرگ بۆتی گۆڵپارێزی پێشووی بایرن میونشنی ئەڵمانی بە گەڕاندنەوەی 5 پەناڵتی پلەی یەکەمی بەدەستەوەیە. گریگۆری کۆپی فەرەنسیش دووەمە و 4 پەناڵتی گەڕاندووەتەوە.

### ئەمڕۆ پێوەرە نوێیەکان ئاشکرا دەکرێن..

# هەموو شتێک لەبارەی باڵۆن دۆری نوێ

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

دوای ئەوەی گۆڤاری فرانس فۆتبۆلی فەرەنسی ڕایگەیاند لە ساڵی داهاتووە خەڵاتی باڵۆن دۆر، کە هەموو ساڵێ بە هاوبەشی لەگەڵ فیفا بە باشترین یاریزانی ساڵ دەدرا، دەبێتە خەڵاتێکی تەنیا تایبەت بەخۆی و فیفا هیچ هاوبەشییەکی لەو خەڵاتەدا نامێنێت، پرسیارگەلێکی زۆر هاتنە ئاراوە، ئایا ئەو خەڵاتە لەمەودوا چۆن و کەی و لە کوێ و بە کام پێوەر و لەلایەن کێییەوە دەبەخشرێت؟ لەم ڕاپۆرتەدا هەموو شتێک لەو بارەوە دەخەینەڕوو.

### گەڕانەوەی متمانە

چاودێران پێیانوایە فرانس فۆتبۆل بەم هەنگاوە دەیەوێ متمانە بۆ خەڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە، کە لەلایەن زۆر کەسەوە فیفا و فرانس فۆتبۆل بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە لە کاتی بەخشینی خەڵاتەکە لایەنگیری دەکەن و پشتی یانە و یاریزانەکانی خولی ئیسپانیا دەگرن.

لەوەتەی فیفا و فرانس فۆتبۆل لە ساڵی 2010ەوە بوونەتە هاوبەش لە بەخشینی ئەم خەڵاتە تاوەکو ئێستا 6 جار خەڵاتەکە بەخشراوەو هەمووی بۆ یاریزانانی خولی ئیسپانیا بووە، کە 4 جاری بۆ لیۆنێل مێسی بووەو 2 جاریش بۆ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، پێشبینیش دەکرێت خەڵاتی ئەمساڵیش هەر بۆ ڕۆناڵدۆ بێت. ئەمە بێجگە لەوەی لە کاتی دەستنیشانکردنی پێکهاتەی نموونەییش بەشی شێر هەمیشە بۆ یاریزانانی خولی ئیسپانیایە. بۆیە فرانس فۆتبۆل دەیەوێ پێوەرەکان بگۆڕێت بۆ ئەوەی خەڵاتەکە بایەخی جارانی بەدەستبێنێتەوە.

**«فیفا نایەوێ چیدی ڕۆژنامەنووسان بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا بکەن»**

**«فرانس فۆتبۆل دەیەوێ متمانە بۆ خەڵاتەکەی بگەڕێنێتەوەو دەرفەت بە زۆرترین یاریزان بدات»**

### پێوەری نوێ

گۆڤارە فەرەنسییەکە ڕایگەیاندووە کە پێوەری نوێ بۆ دەستنیشانکردنی باشترین یاریزانی جیهان یاخود براوەی باڵۆن دۆر دانراون و ئەمڕۆ ئاشکرا دەکرێن. وەک گۆڤارەکە باسی دەکات، مەبەست لە گۆڕینی پێوەرەکان ئەوەیە خەڵاتەکە ساڵانە لەنێو چەند یاریزانێک یان دوو یاریزاندا قۆرخکاری بۆ نەکرێت و دەرفەت بۆ زۆرترین یاریزان بڕەخسێنرێت کە ڕکابەری لەسەر بردنەوەی خەڵاتەکە بکەن.

ئەمە لە کاتێکدایە کە خودی فیفاش ڕایگەیاندووە سەرۆکی فیفا، جیانی ئینفانتینۆ خۆی ڕەتیکردووەتەوە مانەوەی ئەو خەڵاتە بە هاوبەشی لەنێوان فیفا و فرانس فۆتبۆل بەردەوام بێت و لەو بارەوە دەڵێت «فیفا بڕی 16 ملیۆن یۆرۆی دەدایە فرانس فۆتبۆل بۆ ئەوەی خۆی ئامەنگی بەخشینی خەڵاتەکە ڕێکبخات و ناوی فیفاش بەو خەڵاتەوە ببەسترێت، بەڵام ئێستا سەرۆکی فیفا ڕازی نییە ئەو پارە زۆرە بداتە گۆڤارە فەرەنسییەکە».

### تەنیا ڕاهێنەر و یاریزانان

بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە سەرۆکی فیفا، یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتیش دەیەوێ ساڵانە خەڵاتێکی تایبەت



بەپێی پێوەری نوێ ببەخشێتە باشترین یاریزانی ساڵ. وەک ئەو سەرچاوەیە باسیدەکات سەرۆکی فیفا متمانەی بە ڕۆژنامەنووسان نییەو لەو بڕوایەدایە کە ڕۆژنامەنووس ناتوانێت بێلایەنی خۆی لە دەنگداندا بپارێزێت، بۆیە دەیەوێ لەمەودوا تەنیا ڕاهێنەر و کاپتنی هەڵبژاردەی وڵاتانی سەر بە فیفا پرۆسەی دەنگدا ئەنجام بدەن.
ئەمە لە کاتێکدایە کە تاوەکو ئێستا ڕاهێنەر و کاپتنەکان بەوە تۆمەتبار دەکران کە ناتوانن بەبێلایەنانە دەنگی خۆیان بدەن، بەپێچەوانەی ڕۆژنامەنووسان کە هەمیشە لە دەنگداندا پشت بە ئاماری ساڵێکی تەواوی یاریزانەکان دەبەستن. کە هەر ئەوەش بووەتە هۆکاری بێبەشکردنی چەندین یاریزان لە بردنەوەی خەڵاتەکە، وەک ویسلی شنایدەری یاریزانی هۆڵەندی لە ساڵی 2010 و فرانک ڕیبێری یاریزانی فەرەنسی لە ساڵی 2013.

### زیدان و ڕۆناڵدۆ

بەر لەوەی لە ساڵی 2010 ڕێککەوتنی نێوان فیفا و فرانس فۆتبۆل واژوو بکرێت، فیفا لە ساڵی 1991ەوە خەڵاتێکی تایبەت بە باشترین یاریزانی جیهانی دەبەخشی، کە هەردوو یاریزان زینەدین زیدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسی و ڕۆناڵدۆی دیاردەی بەرازیلی یەکەو 3 خەڵاتەکەیان بردووەتەوە. زیدان لە ساڵانی 1998، 2000 و 2003. ڕۆناڵدۆی بەرازیلیش لە ساڵانی 1996، 1997 و 2002.
هەروەها ڕۆناڵدینهۆی بەرازیلیش 2 جار لە ساڵانی 2004 و 2005 بردووەتەوە.
بەشێوەیەکی گشتی زیدان باشترینە لە بردنەوەی خەڵاتەکە، چونکە 3 خەڵاتەکەی بردووەتەوەو جارێکیش پلەی دووەم و 2 جاریش پلەی سێیەمی بردووەتەوە.



### کۆتایی بە سەردەمی دیکتاتۆریەت لە ڕیال مەدرید دەنێت..

## زیدان پۆرتی پیرێز و ڕۆناڵدۆ دەشکێنێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

هەندێک لە چاودێران و ڕۆژنامەکانی مەدرید، ڕایانگەیاند زینەدین زیدانی ڕاهێنەری فەرەنسی لە ماوەیەکی کەمدا لەگەڵ یانەکەی دەستکەوتێکی گەورەتر لە بردنەوەی نازناوی چامپیۆنسلیگی بەدەستهێناوە، ئەویش کۆتاییهێنانە بە باڵادەستی سەرۆک و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی ئەو یانەیە.
بەپێی ئەو ڕۆژنامانە، زیدان بەهۆی کەسایەتی بەهێزی خۆی توانی ئەو کارە بکات کە هەموو ڕاهێنەرانی پێش خۆی نەیانتوانیوە بیکەن، تەنانەت خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری پورتوگالیش، کە بە ڕاهێنەرێکی کەللەڕەق ناسراوە، ئەو کارەی زیدانیش بریتییە لە ناچارکردنی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەکەیە کە چیدی دەست نەخاتە نێو کاروبارە هونەرییەکانی دەستەی ڕاهێنەران، کە پیرێز بەوە ناسراوە هەمیشە دەست دەخاتە نێو کاروباری ڕاهێنەرانەوە.
وەک ڕۆژنامەکانی مەدرید باسی دەکەن، چاودێران دەڵێن «ڕازیکردنی پیرێز بەوەی دەست نەخاتە نێو کاروباری ڕاهێنەر، بەخۆشی بێت یان ناخۆشی دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ زیدان و دەبێتە هۆکارێکی سەرەکیش بۆ ئەوەی زیدان جارێکی دیکە نازناوی لیگا بۆ ڕیال مەدرید بباتەوە، کە لەوەتەی وەرزی 2011 ـ 2012 نەیبردووەتەوە».
ئەو ڕۆژنامانە باس لەوەش دەکەن، کە زیدان پەیامی ئەوەی بە هەموو یاریزانەکانی، بە ڕۆناڵدۆشەوە داوە، کە کەس ناتوانێت دەستبخاتە نێو کارەکانی ئەو و لە فەرمانەکانی دەربچێت و نووسیویانە «تەنانەت زیدان پەیامی ئەوەی بە هاندەرانی یانەکەش داوە، کە پێویستە متمانەی ئەوەیان بە ڕاهێنەر هەبێت کە لەپێناو بەرژەوەندی یانەکە یاری بەو یاریزانە دەکات کە پێیباشتر و گونجاوترە».

### لەوانەیە سیناریۆی کۆتایی نەوەدەکان دووبارە ببێتەوە..

# ئەتلەتیکۆ مەدرید دەبێتە پلە دوو

**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

دوای ئەوەی دادگای نێوبژیوانی وەرزشی TAS سزای سڕکردنی بەسەر هەردوو یانە زەبەلاحەکەی مەدرید، ڕیال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدریددا سەپاند، کە بۆیان نییە تاوەکو کانوونی دووەمی 2018 گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێک بکەن، پرسیاری ئەوە هاتووەتە ئاراوە، ئایا ئەم بڕیارە تا چەند کاریگەری بەسەر ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە دەبێت؟.
ئەتلەتیکۆ مەدریدیش وەک ڕیال مەدرید، لەلایەن دادگای نێوبژیوانی وەرزشییەوە سزایەکی توند درا، بەمەش شتەکان لەسەر ڕۆخی بلانکۆس زیاتر قورس بوون، کە هەر خۆی بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت و دوور نییە، یانەکە بگەڕێتەوە سەردەمی تاریکی لە مێژووی خۆیدا.
ئەتلەتیکۆ مەدرید چەند خەونێکی خۆش ژیا، دوای ئەوەی دووجار نازناوی یۆرۆپالیگ، 2 جار سوپەری ئەوروپی، خول، جامی شا، سوپەری ئیسپانی بەدەستهێنا، 2 جاریش گەیشتە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ لە دوایین 6 ساڵدا، بەڵام سەرەتای خراپی لە لیگا و لەدەستدانی 4 خاڵ، پاشان کەوتنە کۆمەڵەیەکی قورس لە چامپیۆنسلیگ لەگەڵ بایرن میونشنی ئەڵمانی و ئایندهۆڤنی هۆڵەندی، دەنگۆی ئەوەش پەیدا بووە، دییگۆ سیمیۆنی لە ڕاهێنانی یانەکە دەڕوات و دەبێتە ڕاهێنەری یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، هەروەها ئەنتوان گریزمانیش دەچێتە مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، بەم سزایەی ئەو دوایەش شتەکان قورستر بوون.
کارگێڕی ئینریکی سێریزۆ لە سیناریۆیەکی زۆر تاریک دەترسێت، یەکەمیان هەڵکشانی تەمەنی گەورە ئەستێرەکانی تیپەکە وەک دییگۆ گۆدین، گابی، فیلیپی لویس و فێرناندۆ تۆرێس، پلانی ئەوە دانرابوو لە دوو وەرزی داهاتوو گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێکی لاو بکات، بۆ ئەوەی شوێنی ئەوانە بگرنەوە کە ئەگەری ڕۆشتینیان لە ماوەی داهاتوو لە ئارادایە، بەڵام مانەوەیان و پشتبەستن پێیان بووەتە ئەمری واقیع، چونکە یانەکە تاوەکو کانوونی دووەمی 2018 ناتوانێت گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێک بکات.
هۆکاری دووەم ئەوەیە دییگۆ سیمیۆنی بەرە بەرە وەرە بەردەدات و مەسەلەی ڕۆیشتنیشی بۆ ئینتەرمیلان نزیک بووەتەوە، تەنیا ئەگەر سیمیۆنی بڕیار بدات دەست بە تیپەکەوە بگرێ و نەڕوات، بۆ ئەوەی کەشتییەکە ڕزگار بکات، کە لەوانەیە بە ڕۆیشتنی سیمیۆنی بەتەواوی نغرۆ بێت، لەوانەیە ئۆبلاک، گریزمان، کۆکی، خیمینێز و لۆکاس داوای ڕۆیشتن بکەن، ئەگەر سیمیۆنی بڕوات، کارگێڕی یانەکەش ناتوانێت ئەو تەوژمە ڕابگرێت ئەگەر ڕوویدات.
شتی نەرێنی ئەوەیە، ئەگەر تیپەکە بە ڕۆیشتنی سیمیۆنی و ئەستێرەکان تووشی ئەو نسکۆیە گەورەیە بێت، ئەو پرۆژەیەی ماوەیەکی درێژە دەستپێکردووە لەوانەیە بەتەواوی وێران بێت، ئەتلەتیکۆ مەدرید پشتی بەوە دەبەستا، تیپەکە ئاستی بەرز پێشکەش دەکات و سەردەکەوێ، بەمەش پرۆژەکە گەشە دەکات و ئەستێرەکان لەگەڵ سیمیۆنی دێن، بەڵام بە هەڵوەشانەوەی پرۆژەکە لەوانەیە ئەتلەتیکۆ هەموو درەوشانەوەی خۆی لەدەستبدات، کە بەخۆی دروستی کردووە، تیپەکە ناوبانگ و جەماوەریی و ئەفسانەیی ڕیال مەدرید و بارسێلۆنای نییە، کە پرۆژەکەی دارمێت زوو پرۆژەیەکی دیکە بینیات بنێت، لەوانەیە سیناریۆیەکی کارەساتبار هاوشێوەی ئەوەی کۆتایی نەوەدەکان ڕوویدات، کە تیپەکە دابەزییە ڕیزی یانە پلە دووەکان.
چاودێران دەڵێن «پێویستە کارگێڕی یانەکە لەگەڵ سیمیۆنی کۆببێتەوە، بۆ ئەوەی لە مانەوەی دڵنیابێت، بە پەلەش گرێبەستەکان درێژ بکاتەوە، تاوەکو ئەستێرەکانی تیپەکە دڵنیابن لەوەی پرۆژەکە بەردەوامە، ئەگەر کارگێڕی نەتوانێت سەقامگیری بەپەلە دابین بکات، بە مەرجێک بارودۆخ یاوەریان بێت و تیپەکە زوو چەند یارییەک نەباتەوە، بەم نزیکانە گڕکانەکە دەتەقێتەوە».





**ڕاستە**

سەرچاوەیەکی نزیک لە ئەندرێ گۆمێزی یاریزانی تازەی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی ئاشکرایکرد کە یاریزانی پورتوگالی پەشیمانە لەوەی بەقسەی زینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی نەکردووەو لەبەر بارسیلۆنا نەچووەتە ڕیزەکانی ڕیال مەدرید. ئەو سەرچاوەیە لەو بارەوە دەڵێت «ڕاستە، گۆمێز بە هەندێک لە هاوڕێکانی گوتووە پەشیمانم لەوەی بەقسەی زیدانم نەکردووە، ئەو زۆر پێیگوتم وەرە لای من، ڕیال مەدرید بۆ تۆ لە بارسا باشترە، بەڵام بەداخەوە وامنەکرد».

مختار توورەیە و کاپتن بەڵایە و ڕاهێنەریش ترسنۆک..

# لەنێوماڵی شەیتانەکان هەرایە





**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

سەرەڕای ئەوەی لە میرکاتۆی ئەم هاوینەدا یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی یەکێک بوو لەو یانانەی زۆرترین بازاڕی کرد و مەشقەکانی خۆیشی بە یەکێک لە بەناوبانگترین ڕاهێنەران سپارد، بەڵام وادیارە هەرزوو کێشە و هەرا لەنێو ماڵی شەیتانە سوورەکان سەریانهەڵداوە.

سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن کە بێجگە لەوەی لەماوەی پشوودانی نێوان هەردوو گێمی یاری دێربی مانچێستەر، یاریزانانی یانەی شەیتانە سوورەکان لە ژووری جلگۆڕیندا بەشەڕهاتوون، چەندین کێشەی دیکەش لەم یانەیەدا سەریان هەڵداوە، ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێن لەوانەیە چارەنووسی یانەکە لە چەند ساڵانی پێشووتر باشتر نەبێت، کە لەدوای ڕۆیشتنی ئەلیکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری ئەفسانەیی، ئەو یانەیە هەیبەت و گەورەیی خۆی لەدەستداوەو هەریەک لە دیڤید مۆیس و لویس ڤان گالی ڕاهێنەرە نەیانتوانی ببنە فریادڕەسی یانەکە.

## مخیتاریان توورەیە

چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە هێنریک مخیتاریانی یاریزانی ئەرمینی، کە لە یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانییەوە پەیوەندی بە شەیتانەکانەوە کردووە، ئاشکرایانکرد کە یاریزانی ناوبراو زۆر توورەو بێزارەو دەڵێن "مخیتاریان هەست دەکات مۆرینیۆ درۆی لەگەڵ کردووە، کاتێک ڕازی کردووە ڕیزەکانی بورۆسیا دۆرتمۆند بەرەو مانچێستەر یونایتد جێبهێڵێت. چونکە مۆرینیۆ بەڵێنی پێدابوو یەکێک بێت لە یاریزانانی پێکهاتە سەرەکییەکەی".

بەقسەی ئەو سەرچاوانە، مخیتاریان بێجگە لەوەی تەنیا لە یارییەکدا وەک یاریزانی سەرەکی یاری پێکراوەو لەو یارییەشدا لە گێمی دووەم دەرهێنراوە، ڕاهێنەر لەو شوێنەش یاری پێناکات کە ئەو دەیەوێت، چونکە مۆرینیۆ ناچاری کردووە لەدواوەی هێرشبەر یاری بکات، لە کاتێکدا ئەو هەرگیز لەو شوێنە سەرکەوتوو نەبووەو دەیەوێ وەک هێرشبەری سەرەڕم یاری بکات".

ئەو سەرچاوانە باس لەوەش دەکەن "مخیتاریان مەترسی ئەوەی لەسەرە مۆرینیۆ هەمان ئەو سیناریۆیەی بەسەردا بکات کە ڤان گال بە ئەنخێل دیماریای یاریزانی ئەرجەنتینی کردی".

## ڕۆنی بەڵایە

ڕۆژنامەی مانچێستەر ئیڤینینگ نیوزی نزیک لە یانەی شەیتانە سوورەکان، هەڵمەتێکی گەورەی لەدژی واین ڕۆنی کاپتنی یانەکە دەستپێکردووەو پێیوایە ڕۆنی بووەتە بەڵا بۆ یانەکەو لەو بارەوە نووسیویەتی "ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ڕۆنی لە پێکهاتەی سەرەکی دوور بخرێتەوە، چونکە ئەو چیدی ئەستێرەکەی جاران نییە". ئەو ڕۆژنامەیە دوورتر لەمەش دەڕوات و دەنووسێت "ڕۆنی هۆکاری پاشەکشەی ئاستی یانەکەیە، ئەو چەندین مانگە بێجگە لە زیان هیچ سوودێکی بۆ مانچێستەر یونایتد نەبووە، دەبێ هەموو لەوە تێبگەن کە پێویستە ڕۆنی بکرێتە یاریزانی یەدەگ".

## مۆرینیۆ ترسنۆکە

کێشەیەکی دیکە کە بەرۆکی بە یانەی شەیتانە سوورەکان گرتووە، تایبەتە بە خوزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەر، کە لەلایەن هەندێک لە بەرپرسانی یانەکە و هاندەرانەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە ترسنۆکە و بەقسەی ئەستێرەکانی دەکات و بۆ ڕازی کردنی ئەوان قوربانی بە بەرژەوەندی یانەکە دەدات. ئەوان دەڵێن "مۆرینیۆ بۆ بەرژەوەندی خۆی و ئەستێرەکانی لەدژی بەرژەوەندی یانەکە کاردەکات، ئەو لەسەر حسابی یانەکە ئەستێرەکانی ڕازی دەکات". هەروەها دەشڵێن "مۆرینیۆ لەدوای هەر یارییەک ڕۆژێک پشوو دەداتە یاریزانەکانی بۆ ئەوەی بچنەوە لای خێزانەکانیان، کە بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندی یانەکەدا نییە".

"ڕۆنی چەندین مانگە بێجگە لە زیان هیچ سوودێکی بۆ مانچێستەر یونایتد نەبووە"

"مۆرینیۆ لەسەر حسابی یانەکە ئەستێرەکانی ڕازی دەکات"

لە حەوزی مەلەوانییەوە بۆ باخی سێو و خۆخ و لیمۆ..

# فیلپس دەبێتە جووتیار



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

مایکل فیلپس، پاشای مەلەکردن لە جیهان، دوای بڕیاری وازهێنان، بڕیاری داوە لە خانوویەک نیشتەجێ بێت، کە نرخەکەی لە دوو ملیۆن دۆلار زیاترەو لەنێو بەخە گەورەکەیدا خەریکی کاری جووتیاری و چاندن بێت.

نرخی خانووەکەی فلیپس، نزیکەی 2.5 ملیۆن دۆلارە، فیلپس دەیەوێ دوای وازهێنان ژیان لەنێو ئەو خانووە بەسەر ببات، بۆ پشوودانێکی دوور لە کەشوهەوای ڕکابەری و ڕاهێنانەکاندا، دوای کاروانێکی زۆر نایاب لە جیهانی مەلەکردن و یارییە ئۆڵیمپییەکاندا. ڕووبەری ئەو خانووەی فیلپس کە لە ساڵی 2015 هەیەتی نزیکەی 6010 مەتری چوارگۆشەیە، 5 ژووری نووستن، 6 گەرماو و مەلەوانگەیەکی گەورەی لەپشتەوە تێدایە، کە بەسەر چەند چیایەکی جوان و دڵڕفێن دەڕوانێ.

فیلپس لە پشتەوەی خانووەکەی چەند پارچە زەویەکی کشتوکاڵی هەیە، کە لیمۆی ترش، سێو، خۆخ و چەندین جۆرەی میوەی دیکەی تێدایە، کە فیلپس خۆی چاندوونی و زۆر حەز لە کاری جووتیاری دەکات. دەشتوانێت بە تەلەفۆنەکەی کۆنترۆڵی کارەبا و ڕووناکی خانووەکەی بکات، کە سیستمێکی پاراستنی زۆر پێشکەوتوویی تێدایە، بۆیە چوونە نێو خانووەکە بۆ دزیکردن زۆر ئەستەمە. فیلپس چەند خانوو و زەوییەکی دیکەشی لە شوێنی جیاجیای ئەمریکا هەیە، یەکێکیان مانگی ڕابردوو بە نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار فرۆشت.

# چاوەڕێی باهۆزی قژزەردەکە بن



**ئێنریکی مارکێز**

لیۆنێل مێسی.. ئەو یاریزانە چەندین شتی سەرسوڕهێنەری لە جیهانی تۆپی پێدا لەسەر یاریگەکان دروست کردووە، نەخاسمە یاریگەی کامپ نو، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرەوەی یاریگە مشتومڕی زۆری دروست نەدەکرد، وەک زۆر لە ئەستێرەکانی وەرزش وا دەکەن.

کەچی ئەو هاوینە شتەکان کەمێک جیاواز بوون، مێسی قژی خۆی زەرد کردووەو دیمەنە تازەکەشی، وایکرد بکەوێتە نێو بازنەی قسەکانی زۆر کەس، وەک خۆم دەپرسم ئایا مێسی تازە دەتوانێ هەمان شتەکان لەسەر یاریگە دروست بکاتەوە؟ پێشبینی دەکەم لەسەر گەشەکردنی تایبەتی بەردەوام بێت، نەخاسمە لە بواری دروستکردنی یارییدا، ئێستا بووەتە ناوەڕاستێکی نایاب، دوای ئەوەی خۆی وەک هێرشبەرێکی ناوازە سەلماند، دەتوانم بڵێم (لیۆ) یۆسن بۆڵتی تۆپی پێیە، وەک خۆی دەیەوێ سەیری ڕکابەرەکانی دەکات و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام پێش هێڵی کۆتایی شتێکی چاوەڕوان نەکراو دەکات، مێسیم بەشێوازە تازەکەی زیاتر لە جاران بەدڵە، پاس دەدات و یارمەتی دەدات و ڕووبەر دروست دەکات، پێدەچێت لەگەڵ شوێنە تازەکەی وەک دروستکەری یاری باش ڕاهاتووە، ئەو یاریزانە باش خۆی لەگەڵ شێوازە تازەکەی گونجاندووە، سوودی زۆریشی لە هاوڕێکانی لە ناوەڕاست وەک ئینییێستا و چاڤی وەرگرتووە، گەورەترین سوودمەندیش لەو گۆڕانکارییە بێگومان لویس سوارێزە، ئەو تۆپی زۆری لە بارودۆخی گونجاو بۆ گۆڵ تۆمارکردن پێدەگات، بۆیە دەبێت زۆر سوپاسی لیۆنێل بکات، ئەو یاریزانە لە ڕاستیدا (بیکاسۆ)یە، هەرچەندە نیگارکێش لە بارسیلۆنا زیاتر بە ئینییێستا بەستراوەتەوە، پێشبینی دەکەم لیۆ سەرکردایەتی باهۆزێکی تازەی یانەکە بکات، لە وەرزی تازەدا، هێشتا جادوویی زۆر ماوە پێشکەشی بکات، لەدواوەی ئەو باهۆزەشدا پێشبینی سەرکەوتنێکی بەرچاو بۆ سوارێز، سێرجی ڕۆبیرتۆ، دینیس سوارێز و هەتا تورانیش دەکەم، چونکە مێسی وا دەکات ئەرکیان لەسەر یاریگە زۆر ئاسان بێت.

"لیۆ هێشتا جادووی زۆری ماوە بیکات، ئەمساڵ سەرکردایەتی باهۆزێکی نوێی بارسا دەکات"

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



دەبێ پۆگبا واز لە لاساییکردنەوەی مێسی بێنێت، ئەو ناتوانێت وەک مێسی لە هەموو شوێنێکی یاریگە بێت و هەر کاتێ ویستی 5 یاریزان ببڕێت

پۆل سکۆلز
(یاریزانی پێشووی مانچێستەر یونایتد)



من شەرم دەکەم بەراورد لەنێوان بارسیلۆنا و ڕیال مەدرید بکەم، چونکە ڕیال مەدرید بەقەد دووری مانگ لە ڕۆژ لە بارسیلۆنا دوورە

هیرستۆف ستویچکۆڤ
(ئەفسانەی تۆپی پێی بولگاریا)



هەرگیز لە یاریزانێکم توورە نابم کە هەڵەیەک دەکات، بەڵام زۆر لەو یاریزانە توورە دەبم کە لەنێو یاریگەدا لەخۆبایی دەبێت یان تەمبەڵی دەکات

کارلۆ ئەنچیلۆتی
(ڕاهێنەری یانەی بایرن میونشن)



ڕۆناڵدۆ ئەمساڵ باڵۆن دۆر دەباتەوە، واتە لەدوایین 4 ساڵ ڕۆناڵدۆ 3 و مێسی یەکێکی بردووەتەوە، کەواتە چاڤی هیچ لە تۆپی پێ نازانێت

تۆماس ڕۆنسێرۆ
(ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی مەدریدی)



مـن پەناڵتییەکم گـۆڵ نەکرد گوتیـان تۆپەکە چووەتە سـەر مەریخ، دواتر مێسی و نەیمار تۆپەکانیان بەرزتر لە من هاوێشت کەس قسەی نەکرد

سێرجیۆ ڕامۆس
(کاپتنی یانەی ڕیال مەدرید)



جیاوازییەکی زۆر لەنێوان من و زلاتان ئیبراهیمۆڤیچدا هەیە، بۆ نموونە ئەگەر زلاتان بخەیتە بەردەم چەند شێرێک هەر هێمن و لەسەرخۆ دەبێت

ماریۆ بالۆتێلی
(هێرشبەری یانەی نیس)



## درۆیە

ئارتۆرۆ ڤیدالی یاریزانی هەڵبژاردەی چیلی هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لە بوونی کێشە و ناکۆکی لە ژووری جلگۆڕینی یاریزانانی هەڵبژاردەی چیلیدا دەکەن و لەو بارەوە ئەو یاریزانە بە ڕۆژنامەی میرکۆریۆی چیلی، گوت «درۆیە، ڕۆژنامەکان هەمیشە قسەی بێمانا دەکەن، ئەوان تەنیا دەیانەوێ نێوانی یاریزانان تێکبدەن. هەرگیز یاریزانانی هەڵبژاردەی چیلی وەک ئێستا یەکگرتوو و یەکریز نەبوونە، ئێمە نەک تیپێکین، بەڵکو خێزانێکین، بەڕاستی ئەو قسانە پێکەنیناوین».

وەک ئەو بەیانی هێلکە دەخواتەوە..

# بەر لە هەموو یارییەک سەیری ڕامبۆ دەکات



ڕووداوی وەرزشی ـ DW

ئەلیکسیس سانچێز، یاریزانی هەڵبژاردەی چیلی و یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی، دووپاتی دەکاتەوە ئەکتەری ئەمریکی سیلڤستەر ستالۆن، کە زیاتر بە "ڕامبۆ" ناسراوە، ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی وەرزشیی و ئاستی لە یارییەکاندا دەبینێت.

ڕۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی، باس لەوە دەکات سانچێز پێش هەموو یارییەک سەیری فیلمی (ڕۆکی) ستالۆنی دەکات، بۆ ئەوەی ورەی بەرز بکاتەوەو چاو بخاتە سەر گرنگی لێدانی کوشندە. سانچێز دەڵێت "ورە لە فیلمی ڕۆکی وەردەگرم، ئەو کاتەی منداڵ بووم بەردەوام سەیری ئەو فیلمەم دەکرد، لەیادمە کە سەرەتا لە کوپریلوا یارییم دەکرد، لە ماوەیەکی کورتدا نزیکەی پێنج جار سەیری ئەو فیلمەم دەکرد، ڕۆکی پاڵنەری سەرەکی منە، چونکە کارکردنی سەرڕاستی تێدا دەبینم". ئەو هێرشبەرەی ئارسناڵ دەشڵێت "ڕۆکی لە نانی بەیانی هێلکە دەخواتەوە، منیش بەردەوام هەوڵم دەدا لەچاوی بکەمەوەو یەکجار وامکرد، بەڵام ڕشامەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام سەرچاوەی سرووشی منە، لەو فێربووم پەیژە لە بەهێزکردنی توانای جەستەییم بەکاربهێنم". سانچێز هەروەها ڕوونیشیکردەوە "لە پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکا ورەم زۆر بەرزبووەوە، ئەو کاتەی پەیکەری ڕۆکی بالبوام لەو شارە بینی، کە یارییەکەی تێدا ئەنجام درا".

179 ملیۆن یۆرۆی لێ خەرجکراوە..

# دیماریا گرانترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا

ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی دەردەکەوێت کە ئەنخێل دیماریای یاریزانی ئەرجەنتینی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی گرانترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا.

ئەو ڕاپۆرتە ڕیزبەندێکی بەناوی 6 گرانترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام ڕیزبەندەکە لەسەر بنەمای ئەوە کراوە کە هەر یاریزانێک بەدرێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی گرێبەستی لەگەڵ چەند یانە کردووەو لە کۆی گرێبەستەکانیدا چەند خەرجی و پارەی تێچووە.

بەپێی ئەو ڕیزبەندە، ئەنخێل دیماریای ئەستێرەی ئەرجەنتینی گرانترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا، کە تاوەکو ئێستا بڕی 179 ملیۆن یۆرۆی تێچووە.

ڕیزبەندی 6 گرانترین یاریزانی تۆپی پێ لە مێژوودا، وەک لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، بەمشێوەیە:

1 ـ ئەنخێل دیماریا (ئەرجەنتین): کۆی تێچوونی گواستنەوەکانی 179 ملیۆن یۆرۆیە، کە لە بەنفیکای پورتوگالییەوە چووە ڕیال مەدریدی ئیسپانی و لەوێوە چووە مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، ئینجا پەیوەندی بە پاریس سانجێرمانی فەرەنسییەوە کرد، کە هەموو گرێبەستەکانی گرانبەها بوون.


2 ـ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (سوێد): کۆی تێچوونی گواستنەوەکانی 169 ملیۆن یۆرۆیە. بۆ یانەکانی ماڵمۆی سوێدی، ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی، یوڤانتۆس و ئینتەرمیلان و ئەی سی میلانی ئیتاڵی، بارسێلۆنای ئیسپانی و پاریس سانجێرمانی فەرەنسی یاریکردووەو ئێستاش یاریزانی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزییە.

3 ـ گۆنزالۆ هیگواین (ئەرجەنتین): کۆی تێچوونی گواستنەوەکانی 144 ملیۆن یۆرۆیە. لە ڕیڤەر پلەیتی ئەرجەنتینییەوە چووە ڕیزەکانی ڕیال مەدریدی ئیسپانی. ئینجا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ناپۆلی ئیتاڵییەوە کردو لەوێشەوە چووە ڕیزەکانی یوڤانتۆسی ئیتاڵی.

4 ـ هالک (بەرازیل): کۆی تێچوونی گواستنەوەکانی 129.8 ملیۆن یۆرۆیە. لە یانەی ڤیتۆریای بەرازیلییەوە چووەتە خولی ژاپۆنی بۆ یانەکانی کاواسزاکی، کۆنسادۆلسابۆرۆ و تۆکیۆ ڤێردی یاریکردووە. ئینجا پەیوەندی بە یانەی پۆرتۆی پورتوگالییەوە کردووەو لەوێشەوە چووەتە ڕیزەکانی زینیت سان پترسبۆرگی ڕووسی.

5 ـ جیمیس ڕۆدریگز (کۆلۆمبیا): کۆی تێچوونی گواستنەوەکانی 127.639 ملیۆن یۆرۆیە. بۆ یانەکانی پۆرتۆی پورتوگالی و مۆناکۆی فەرەنسی یاریکردووە، بەر لەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕیال مەدریدی ئیسپانییەوە بکات.

6 ـ نیکۆلاس ئەنێلکا (فەرەنسا): کۆی تێچوونی گواستنەوەکانی 127.639 ملیۆن یۆرۆیە. یەکێکە لەو یاریزانانەی بۆ زۆرترین یانە یاریکردووە. کە ئەمانەن: پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، ئارسینالی ئینگلیزی، ڕیال مەدریدی ئیسپانی، گەڕانەوە بۆ پاریس سانجێرمان، لیڤەرپوولی ئینگلیزی، مانچێستەر ستی ئینگلیزی، فەنەربەخچەی تورکی، بۆلتۆنی ئینگلیزی، چێلسی ئینگلیزی، شەنگەهای شینهوای چینی، یوڤانتۆسی ئیتاڵی، وێست برۆمیچی ئینگلیزی.



"ئیبراهیمۆڤیچ و هیگواین دووەم و سێیەم گرانترین یاریزانن لە مێژووی تۆپی پێدا"



"لە مەشقەکاندا بە شەق لێمان دەدات"

# مێسی ئابڕۆی هاوڕێکانی بردووە

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

یاریزانێکی پێشووی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، کە لەگەڵ لیۆنێل مێسی یاری بۆ یانەی کەتالۆنی کردووە، نهێنییەکی ئەستێرە ئەرجەنتینییەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "مێسی لە مەشقەکاندا ئابڕۆی ئێمەی بردبوو".

لودۆڤیک جۆلی، یاریزانی فەرەنسی، کە لە ماوەی نێوان 2004 تاوەکو 2008 یاری بۆ یانەی بارسا کردووە، لە هەڤپەیڤینێکدا باس لەو ڕۆژانە دەکات کە مێسی بۆ یەکەمجار پەیوەندی بە تیپی یەکەمی بارساوە کردووە و دەڵێت "کە بۆ یەکەمجار مێسیم بینی، هێشتا تەمەنی تەنیا 16 ساڵ بوو، بەڵام هەر لە یەکەم مەشقدا نیشانەکانی ئەستێرەیەکی گەورە بەو مێردمنداڵەوە دیاربوون، ئەو شتێکی دەکرد هەمووانی سەرسام کردبوو". هەروەها جۆلی دەشڵێت "مێسی لە یەکەم مەشقدا هەمووانی وێران کرد، زۆر ئازاری داین ئەوەندەی یاری پێدەکردین، کارێکی پێکردین ئابڕۆی بردین، هەموو بە ئێمە پێدەکەنین".

ئەو هێرشبەرە کۆنەی هەڵبژاردەی فەرەنسا، لەو هەڤپەیڤینەدا زیاتر لەبارەی مێسییەوە قسە دەکات و دەڵێت "باش لەبیرمە ئێمە بەشەق لێمان دەدا و دەمانخستە سەر زەوی بۆ ئەوەی ئابڕۆمان نەچێت، بەڵام هەر زوو هەڵدەستاوە سەر قاچەکانی و هەمان کاری پێدەکردینەوە، بەڕاستی ئەو بۆنەوەرێکی سەیر و سەمەر بوو".



ئەمساڵ یان بایرن میونشن بەهۆی کارلۆ ئەنچیلۆتی یان یوڤانتۆس بەهۆی گرێبەستە باشەکانی دەبێتە پاڵەوانی چامپیۆنسلیگ

فابیۆ کاپێلۆ
(ڕاهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی)



ئەگەر ئەوکاتەی من ڕاهێنەری ئێڤەرتۆن بووم، لۆکاکۆ یاری بۆ کردبام نازناوی پرێمەرلیگم دەبردەوە

دەیڤید مۆیس
(ڕاهێنەری یانەی سەندەرلاند)



لای من ئێستا گریزمان باشترین یاریزانی ئەورووپایە نەک ڕۆناڵدۆ، چونکە لە وەرزی ڕابردوودا کەس وەک ئەو باش نەبوو

دیێگۆ سیمیۆنی
(ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)



کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ یاریزانێکی زۆر گەورەیە، بەڵام هیچ یاریزانێکم نەبینیوە لە ئاستی مێسی و مارادۆنادا

مایکل لاودرۆپ
(ئەفسانەی تۆپی پێی دانیمارک)



بە بالۆتێلیم گوت مەچووە لیڤەرپوول، چونکە جیرارد پیاوێکی خۆویست و ڕەگەزپەرستە، نایەوێ کەس لەو باشتربێت و کێشەت بۆ دروست دەکات

حاجی زیۆف
(هێرشبەری پێشووی لیڤەرپوول)



من گاڵتە ناکەم، زۆر بەجددی دەمەوێ پێشبڕکێیەکی 100 مەتر ڕاکردن لەگەڵ یۆسین بۆڵت بکەم و زۆر متمانەشم بەخۆم هەیە

هێکتۆر بیلیرین
(بەرگریکاری یانەی ئارسیناڵ)



# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

| خول | یاری | ڕێکەوت | کات |
|---|---|---|---|
| خولی ئەڵمانیا | فۆلفسبۆرگ - بورۆسیا دۆرتمۆند | سێشەممە 20/9/2016 | 09:00 |
| خولی ئیتاڵیا | میلان - لازیۆ | سێشەممە 20/9/2016 | 09:45 |
| جامی ئینگلتەرا | لیستەر ستی - چێلسی | سێشەممە 20/9/2016 | 09:45 |
| خولی فەرەنسا | نیس - مۆناکۆ | چوارشەممە 21/9/2016 | 08:00 |
| خولی ئیسپانیا | ریال مەدرید - ڤیاڕیال | چوارشەممە 21/9/2016 | 09:00 |
| خولی ئیسپانیا | بارسێلۆنا - ئەتلەتیکۆ مەدرید | چوارشەممە 21/9/2016 | 11:00 |
| خولی ئینگلتەرا | مانچێستەر یونایتد - لیستەر ستی | شەممە 24/9/2016 | 02:30 |
| خولی ئینگلتەرا | ئارسیناڵ - چێلسی | شەممە 24/9/2016 | 07:30 |

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 5)

**سێشەممە 2016/9/20**
مەلەگە - ئیبار 09:00
سڤیلیا - ریال بیتیس 11:00

**چوارشەممە 2016/9/21**
سێلتاڤیگۆ - خیخۆن 09:00
ریال مەدرید - ڤیاڕیال 09:00
ریال سۆسیداد - لاس پالماس 11:00
گرانادا - ئەتلەتیک بلباو 11:00
بارسێلۆنا - ئەتلەتیکۆ مەدرید 11:00

**پێنجشەممە 2016/9/22**
دیپۆرتیڤۆ - لیگانێس 09:00
ئۆساسۆنا - ئیسپانیۆل 09:00
ڤالنسیا - ئالاڤێس 11:00

**هەینی 2016/9/23 (هەفتەی 6)**
ریال بیتیس - مەلەگە 09:45

**شەممە 2016/9/24**
ئیبار - ریال سۆسیداد 02:00
خیخۆن - بارسێلۆنا 05:15
ئەتلەتیک بلباو - سڤیلیا 07:30
لاس پالماس - ریال مەدرید 09:45

**یەکشەممە 2016/9/25**
لیگانێس - ڤالنسیا 01:00
ئەتلەتیکۆ مەدرید - دیپۆرتیڤۆ 05:15
ڤیاڕیال - ئۆساسۆنا 07:30
ئیسپانیۆل - سێلتاڤیگۆ 09:45

**دووشەممە 2016/9/26**
ئالاڤێس - گرانادا 09:45

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| ریال مەدرید | 12 |
| بارسێلۆنا | 9 |
| لاس پالماس | 9 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید | 8 |
| سڤیلیا | 8 |
| ڤیاڕیال | 8 |
| ئیبار | 7 |
| خیخۆن | 7 |
| ئەتلەتیک بلباو | 6 |
| ئالاڤێس | 5 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 4 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 4 |
| 3 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 4 |
| 4 - کاسترۆ | ریال بیتیس | 4 |
| 5 - ڤیتۆ | سڤیلیا | 3 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئالاڤێس - دیپۆرتیڤۆ) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 5)

**شەممە 2016/9/24**
مانچێستەر یونایتد - لیستەر ستی 02:30
بۆرنمۆس - ئیڤێرتۆن 05:00
لیڤەرپوول - هاڵ ستی 05:00
میدلزبرە - تۆتێنهام 05:00
ستۆک ستی - وێست برۆمیچ 05:00
ساندێرلاند - کریستاڵ پالاس 05:00
سوانزیستی - مانچێستەر ستی 05:00
ئارسیناڵ - چێلسی 07:30

**یەکشەممە 2016/9/25**
وێستهام - ساوسامتۆن 06:00

**دووشەممە 2016/9/26**
بێرنلی - واتفۆرد 10:00

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| مانچێستەر ستی | 15 |
| ئیڤێرتۆن | 13 |
| تۆتێنهام | 11 |
| ئارسیناڵ | 10 |
| چێلسی | 10 |
| لیڤەرپوول | 10 |
| مانچێستەر یونایتد | 9 |
| کریستاڵ پالاس | 7 |
| واتفۆرد | 7 |
| وێست برۆمیچ | 7 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێلسی | 5 |
| 2 - ئەنتۆنیۆ | وێستهام | 5 |
| 3 - ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 4 |
| 4 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 4 |
| 5 - کابوی | واتفۆرد | 4 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 5)

**سێشەممە 2016/9/20**
میلان - لازیۆ 09:45

**چوارشەممە 2016/9/21**
بۆلۆنیا - سامپدۆریا 07:30
ئەتەلانتا - پالێرمۆ 09:45
ڤیرۆنا - ساسۆلۆ 09:45
ئیمپۆلی - ئینتەرمیلان 09:45
جینەوا - ناپۆلی 09:45
یوڤانتۆس - کالیاری 09:45
پیسکارا - تۆرینۆ 09:45
رۆما - کرۆتۆنی 09:45
ئۆدینیێزی - فیۆرەنتینا 09:45

**شەممە 2016/9/24 (هەفتەی 6)**
پالێرمۆ - یوڤانتۆس 07:00
ناپۆلی - ڤیرۆنا 09:45

**یەکشەممە 2016/9/25**
تۆرینۆ - رۆما 01:30
کرۆتۆنی - ئەتەلانتا 04:00
جینەوا - پیسکارا 04:00
ئینتەرمیلان - بۆلۆنیا 04:00
لازیۆ - ئیمپۆلی 04:00
ساسۆلۆ - ئۆدینیێزی 04:00
فیۆرەنتینا - میلان 09:45

**دووشەممە 2016/9/26**
کالیاری - سامپدۆریا 09:45

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| ناپۆلی | 10 |
| یوڤانتۆس | 9 |
| رۆما | 7 |
| لازیۆ | 7 |
| ڤیرۆنا | 7 |
| ئینتەرمیلان | 7 |
| جینەوا | 6 |
| فیۆرەنتینا | 6 |
| سامپادۆریا | 6 |
| میلان | 6 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 4 |
| 2 - کیسی | ئەتەلانتا | 4 |
| 3 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 4 |
| 4 - باکا | میلان | 4 |
| 5 - کالیخۆن | ناپۆلی | 4 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 4)

**سێشەممە 2016/9/20**
فۆلفسبۆرگ - بورۆسیا دۆرتمۆند 09:00
فرایبۆرگ - هامبۆرگ 09:00
دارمشتات - هۆفنهایم 09:00
ئینگۆلشتات - فرانکفۆرت 09:00

**چوارشەممە 2016/9/21**
بایرلیڤەرکۆزن - ئۆگسبۆرگ 09:00
بایرن میونشن - هێرتا بەرلین 09:00
شاڵکە - کۆڵن 09:00
ڤێردەربریمەن - ماینز 09:00
لایپزیگ - مونشنگلادباخ 09:00

**هەینی 2016/9/23 (هەفتەی 5)**
بورۆسیا دۆرتمۆند - فرایبۆرگ 09:30

**شەممە 2016/9/24**
مونشنگلادباخ - ئینگۆلشتات 04:30
ماینز - بایرلیڤەرکۆزن 04:30
فرانکفۆرت - هێرتا بەرلین 04:30
ئۆگسبۆرگ - دارمشتات 04:30
هامبۆرگ - بایرن میونشن 04:30
ڤێردەربریمەن - فۆلفسبۆرگ 07:30

**یەکشەممە 2016/9/25**
هۆفنهایم - شاڵکە 04:30
کۆڵن - لایپزیگ 06:30

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| بایرن میونشن | 9 |
| هێرتا بەرلین | 9 |
| لایپزیک | 7 |
| کۆڵن | 7 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند | 6 |
| مونشنگلادباخ | 6 |
| فرانکفۆرت | 6 |
| فۆلفسبۆرگ | 5 |
| ماینز | 4 |
| هۆفنهایم | 3 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 5 |
| 2 - پۆهانپالۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 4 |
| 3 - ئۆس | هۆفنهایم | 3 |
| 4 - مۆدیست | کۆڵن | 3 |
| 5 - هازارد | مونشنگلادباخ | 3 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 6)

**سێشەممە 2016/9/20**
لیل - تۆلۆز 08:00
پاریس سانجێرمان - دیجۆن 10:00

**چوارشەممە 2016/9/21**
باستیا - نانس 08:00
گانگۆن - لۆریان 08:00
لیۆن - مۆنپیلیە 08:00
میتز - بۆردۆ 08:00
ئەنجی - کان 08:00
نانت - سانت ئیتیان 08:00
نیس - مۆناکۆ 08:00
رین - مارسیلیا 10:00

**هەینی 2016/9/23 (هەفتەی 7)**
تۆلۆز - پاریس سانجێرمان 09:45

**شەممە 2016/9/24**
لۆریان - لیۆن 06:00
باستیا - گانگۆن 09:00
بۆردۆ - کان 09:00
دیجۆن - رین 09:00
مۆنپیلیە - میتز 09:00
مۆناکۆ - ئەنجی 09:00

**یەکشەممە 2016/8/25**
سانت ئیتیان - لیل 04:00
نانسی - نیس 06:00
مارسیلیا - نانت 09:45


| یانە | خاڵ |
|---|---|
| مۆناکۆ | 13 |
| نیس | 11 |
| پاریس سانجێرمان | 10 |
| میتز | 10 |
| بۆردۆ | 9 |
| تۆلۆز | 8 |
| گانگۆن | 8 |
| سانت ئیتیان | 8 |
| لیۆن | 7 |
| رین | 7 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مارتین | تۆلۆز | 6 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 6 |
| 3 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 5 |
| 4 - ئیردینیچ | میتز | 4 |
| 5 - کریڤیلی | باستیا | 3 |

## جامی ئینگلتەرا

**سێشەممە 2016/9/20**
ئێڤێرتۆن - نۆریچ ستی 09:45
لیدز یونایتد - بلاکبێرن 09:45
نیوکاسڵ - وۆلڤەرهابتۆن 09:45
لیستەر ستی - چێڵسی 09:45
دێربی کاونتی - لیڤەرپوول 09:45
نۆتینگهام - ئارسیناڵ 09:45
بۆرنمۆس - بریستۆن نۆرس 09:45
برایتۆن - ریدینگ 09:45

**چوارشەممە 2016/9/21**
فۆلهام - بریستۆل ستی 09:45
ساوسامتۆن - کریستاڵ پالاس 09:45
وێستهام - ئەکرینگتۆن 09:45
سوانزی ستی - مانچێستەر ستی 09:45
کۆینز پارک رێنجەرز - سەندەرلاند 09:45
نۆرسامبتۆن تاون - مانچێستەر یونایتد 09:45
تۆتێنهام - گیلینگهام 10:00
ستۆک ستی - هاڵ ستی 10:00



## سوپاسگوزاری مریشکە



ئەدیبایۆ ئەکینفینوا، یاریزانە زەبەلاحەکەی تۆپی پێ، کە یاری بۆ یانەی ویکمپ ویندەرز لە خولی پلە چواری ئینگلیزی دەکات، سوپاسی بـاوک و دایـک و مریشــکی کرد، دوای ئــەوەی بە فەرمی بووە بەهێزترین یاریزانی تۆپی پێ لە یاری (فیفـا 2017). ئەکینفینوا پارێزگاری لە شوێنی خۆی کرد لەو لیستەی، کۆمپانیای EA SPORTS بۆ بەهێزترین 10 یاریزان لە یارییە تازەکەی رایگەیاند. ئەکینفینوا وێنەیەکی لیستەکەی بڵاوکردەوە، کە ناوی لە پلەی یەکەمدا هاتووە و نووسیبووی «بەڵێ!! سوپاسی باوکم، دایکم، مریشک و کۆمپانیای EA دەکەم، کە دەرفەتی ئەوەیان پێبەخشیم، ببمە بەهێزترین یاریزانی تۆپی پێ».

### بەپێچەوانەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ..

# قەڵەوی رۆنی لەناودەبات



**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

یاریزانێکی پێشــووی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، پێشـبینی چارەنووسـێکی خراپ بۆ واین رۆنی ئەسـتێرەی شـەیتانە سـوورەکان دەکات و دەڵێـت «رۆنـی لـەدوای وازهێنان لە یاریکـردن زۆر قەڵەو دەبێت و بەو هۆکارەوە رووبەڕووی کێشــەی تەندروستی دەبێتەوە». پۆل ئینس، یاریزانــی پێشــووی مانچێســتەر یونایتـد و هەڵبـژاردەی ئینگلتەرا، کە ئێستا پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنییە دووپاتی دەکاتەوە کێشەیەکی گەورە چاوەڕێی رۆنی دەکات، ئەویش قەڵەوبوونە لەدوای وازهێنان لە یاریکردن. کە بێگومان ئەو قەڵەوییە کێشــەی تەندروستی بـۆ رۆنی دروســت دەکات. رۆژنامــەی میترۆی ئینگلیزی لــە هەواڵێکیدا باس لەوە دەکات کە ئینس لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکەی خۆیدا دووپاتیکردووەتەوە «وایــن رۆنی کاپتنی مانچێســتەر یونایتد، دوای وازهێنــان لە تۆپی پێ زۆر قەڵــەو دەبێــت، لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکی جەســتەیی قەڵــەوی هەیە، هەر لــەو کاتەی لاو بوو، ئێســتاش بەهۆی راهێنانی قورســەوە کێشــی هەندێک دابەزیوە». ئینس هەروەها دەشڵێت «کاتێک رۆنی واز لە تۆپی پێ دێنێت و توانای راهێنانکردنی نامێنێت، کێشــی زۆر زیاد دەکات، چونکە زۆر حەزی لە خواردنە، ئەوکاتەی لاو بوو کێشــی لەســەر یاریگە بەشــێوەیەکی بەرچاو زیادبــوو، بەپێچەوانــەی ئەو دەبینیــن زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەســتێرەی سوێدی، هێشتا جەستەیەکی وا رێکی هەیە کە باوەڕ ناکرێ».

### بە پێشنیازی بارسیلۆنا..

# مۆندیالی یانەکان وەک مۆندیالی هەڵبژاردەکان لێدەکرێت

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

یانــەی بارســێلۆنای ئیســپانی پێشــنیازێک پێشکەشــی یەکێتی تۆپی پێــی نێودەوڵەتــی FIFA دەکات و داوا دەکات مۆندیالــی یانــەکان بەرفراوانتــر بکات و زیاتر بایەخی پێبدات.

بەپێــی هەواڵێکی رۆژنامــەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیســپانی، یانەی کەتالۆنی پێشــنیازێکی ســەبارەت بــە مۆندیالــی یانەکان پێشکێشــی فیفا کــردووەو داوا دەکات ژمــارەی یانە بەشــداربووەکانی پاڵەوانێتییەکــە بکرێتە 16 تاوەکو 24 یانــە، بۆ ئــەوەی مۆندیالــی یانەکانیش وەک مۆندیالــی هەڵبــژاردەکان بایەخی خۆی وەربگرێت.

وەک رۆژنامەکە باسی دەکات، بارسا لە پێشــنیازەکەیدا داوا دەکات 8 یانەی ئەورووپی و 8 یانەی ئەمریکای باشــوور و 4 یانەش لە کیشــوەرەکانی ئەفریقیا، ئاســیا و کۆنــکاکاف و ئۆقیانۆســیا بەشــداری پاڵەوانیەتییەکە بکەن. ئەمە لــە کاتێکدایــە کــە لــە هەریــەک لە 8 یانەکــەی هەردوو کیشــوەری ئەوروپا و ئەمریــکای باشــوور دوو یانــەی براوەی 2 نازنــاوی رابردووی چامپیۆنسـلیگ و لیپرتادۆسی تێدابێت.

ئەم پێشــنیازەی بارســێلۆنا لەلایەن فیفاوە وەرگیراوەو لە کۆبوونەوەی مانگی داهاتــوودا گفتوگــۆی لەســەر دەکرێت، ئەگــەر بە گونجاو زانرا پەســند دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت.

هەموو دوو ســاڵ جارێــک مۆندیالی یانــەکان لەلایەن فیفاوە بە بەشــداری 7 یانەی براوەی نازنــاوی پاڵەوانیەتی کیشــوەرەکان رێکدەخرێــت، کــە مۆندیالی ئەمجارە لە ســاڵی 2018 لە رووسیا ئەنجام دەدرێت.



### پێشبڕکێ



## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



**براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو**

سۆران عومەر لە سلێمانی

**بە لێدوانی:**

( سەرم کەچەڵە، بەختم لە کەللەیە)

---

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 416 )
سێشەممە 2016/9/20

## 6 LOTTO پەنجاو یەکەمین پێشبڕکێ

شــەش کۆبۆنی یەک بــەدوای یەک، واتا هی شــەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشــی) ت لێکڕیــوە. بــەو جــۆرە لەتیروپشــکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ......................................

مۆبایل : ......................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد
هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە